بەڵگەکان لەسەر
بوونی خوا

نووسینی

میرزا بەشیرەددین مەحموود ئەحمەد رضي الله عنه
خەلیفەی دووەمی ئیمامی مەهدی و
مەسیحی بەڵێندراو عليه السلام

بەڵگەکان لەسەر بوونی خوا

بەڕێز میرزا بەشیرەددین مەحموود ئەحمەد (رضي الله عنه)

خەلیفەی دووەمی ئیمامی مەهدی و مەسیحی بەڵێندراو (عليه السلام)

پێشەکی بڵاوکار

موسڵیحی بەڵێندراو (رضي الله عنه) لە مانگی ئازاری ساڵی 1913ز ئەم وتارەی نووسی و لە گۆڤاری "تشحيد الأذهان" بڵاویکردەوە، ئەمەش پێش ئەوەی ئەرکی خیلافەت بگرێتە ئەستۆ. بەڕێزی لەم وتارەدا وەڵامی ئەم پرسیارەی مولحیدەکانی داوەتەوە: خوامان پێ پیشان بدەن ئەگەر بوونی هەیە. پاشان بەڕێزی (رضي الله عنه) لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزەوە 10 بەڵگەی دەمکوتکەری خستووەتەڕوو لەسەر بوونی خوای گەورە. وە لە کۆتایی وتارەکەیدا دەفەرموێت:

"بەم 10 بەڵگەیە وازدەهێنم و وتارەکەم کۆتایی پێدەهێنم لەگەڵ ئەوەی لە قورئانی پیرۆزدا بەڵگەی تر هەیە... لە کۆتاییدا تکا دەکەم لەوانەی کە ئەم نامیلکەیە دەکەوێتە دەستیان پاش خوێندنەوەی بیدەن بەو دۆست و خۆشەویستانەی خۆیان کە دەزانن کەڵکی لێ وەردەگرن."

بەڕێزیان لەم فەرمایشتەیدا هانی بڵاوکردنەوە و گشتاندنی ئەم نامیلکەیەی داوە، بەو هیوایە برایانمان بیخوێننەوە و کەسانی تریشی لێ ئاگاداربکەن و پێیان بدەن بەپێی توانا.

داواکارین لە خوای گەورە کە یارمەتی خوێنەرانی بەڕێز بدات کە سوودی لێ وەربگرن و بیکات بە هۆکاری ڕێنموونی ئەو کەسانەی کە بەشوێن ڕێگای ڕاستدا دەگەڕێن. ئامین.

بسم الله الرحمن الرحيم نحمده ونصلي على رسوله الكريم

{أَفِي اللَّهِ شَكٌّ فَاطِرِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ}

بەڵگەکان لەسەر بوونی خوای گەورە ﷻ

لەم سەردەمەدا گەورەترین ڕەخنەی جیهانی ماددی دەربارەی بیروباوەڕەکان بریتیە لە نکوڵی کردن لە بوونی خوا. کەسی موشریك ئەگەرچی هاوەڵ بۆ خوای گەورە بڕیاردەدات، بەڵام لانیکەم باوەڕی بەبوونی خوای گەورە هەیە، بەڵام مولحید بەهیچ شێوەیەك باوەڕی بەبوونی خوا نیە.

بێگومان زانستی نوێ بنەمای هەموو شتێکی لەسەر بینین داناوە، بۆیە مولحیدەکان دەڵێن ئەگەر لەڕاستیدا خوایەك هەیە؛ ئەوا ئەومان پیشان بدەن ئەگینا چۆن باوەڕی پێ بکەین بەبێ ئەوەی ببینین؟

لەبەرئەوەی ئەم تەوژمەی ئێستا نەقشی زاتی خوای گەورەی سڕیوەتەوە لەدڵی زۆربەی لاوەکاندا، وە بەهۆیەوە سەدەها قوتابی زانکۆ و پارێزەر و کەسانی تر نکوڵی لە بوونی خوای گەورە دەکەن، وە ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەیان ڕوولەزیادبوونە، وە هەزارەها کەس هەیە کە ئەمە دەشارنەوە لە ترسی نەتەوە و وڵات، بەڵام لەڕاستیدا لەناخەوە باوەڕیان بە خوا نیە، بۆیە ویستم بەیارمەتی خوای گەورە سەبارەت بەم بابەتە نامیلکەیەك

بنووسم و بڵاوی بکەمەوە، کە ڕەنگە سوودی هەبێت بۆ هەندێك کەسی بەختەوەر.

<u>یەکەم شتێك کە مولحیدەکان دەیخەنەڕوو ئەوەیە: ئەگەر خواتان پێمان پیشان بدایە؛ ئەوا باوەڕمان پێدەهێنا.</u>

هەڵبەت چەندین جار ئەم قسەیەم بیستووە، بەڵام هەمیشە لەکاتی بیستنیدا سەرم سوڕدەمێنێت. بێگومان مرۆڤ بەهۆی هەستە جیاوازەکانەوە پەی بە شتە جیاوازەکان دەبات، هەندێکیان بە بینین، هەندێکی تریان بە دەستلێدان، هەندێکیان بە بۆنکردن، ئەوانی تر بە بیستن و هەندێکی تریش بە تامکردن. وە دەکرێت بەهۆی بینینەوە هەست بە ڕەنگ بکەین، بەڵام ناتوانین لەڕێگەی بۆنکردن یان دەستلێدان یان تامکردنەوە هەستی پێ بکەین. ئایا ئەو کەسە گەمژە نیە کە دەڵێت: من داننانێم بە بوونی ڕەنگدا هەتا دەنگەکەی نەدەن بە گوێمدا و نەیبیستم؟ وە هەروەها دەنگ لەڕێگەی بیستنەوە دەناسرێت و هەستی پێدەکرێت، بەڵام ئایا ئەو کەسە نەفام نیە کە دەڵێت من هەرگیز باوەڕ بەوە ناهێنم کە فڵانە کەس قسە دەکات هەتا دەنگەکەیم پیشان نەدەن؟ هەروەها بۆنی خۆش لە ڕێگەی بۆنکردنەوە هەستی پێدەکرێت، ئەگەر کەسێك وتی ئەگەر بۆنی گوڵتان پێ چەشتم ئەوسا باوەڕ بەبوونی بۆنەکە دەکەم، ئایا دەکرێت ئەم جۆرە کەسە بە کەسێکی ژیر لەقەڵەم

بدەین؟ لەبەرامبەردا، ئەگەر كەسێك ویستی لەڕێگەی هەستی بۆنكردنەوە شارەزا بێت لە شتانێك كە لەرێگەی تامكردنەوە هەستیان پێ دەكرێت وەك ترشی و شیرینی و تاڵی و سوێری؛ ئەوا هەرگیز ناتوانێت. كەواتە پێویست ناكات باوەڕبهێنین بەبوونی ئەو شتانە كە لە پێش چاوی خۆماندا دەیانبینین، وە ئەو شتەی نەمانبینی باوەڕ بە بوونی نەكەین؛ چونكە ئەمە وا پێویست دەكات كە نكوڵی بكەین لە بۆنی گوڵەكان و ترشێتی لیمۆ و شیرینی هەنگوین و تاڵی گوژاڵك و ڕەقی ئاسن و خۆشی دەنگ؛ چونكە ئەم شتانە نابینرێن، بەڵكو لە ڕێگەی بۆنكردن و تامكردن و دەستلێدان و بیستنەوە هەست بە بوونیان دەكەین.

كەواتە ئەم ڕەخنەیە كە هەرگیز باوەڕناهێنین بەخوا هەتا ئەومان پیشان نەدەن ڕەخنەیەكی زۆر پووچە! ئایا ئەو ڕەخنەگرانە لە ڕێگەی بینینەوە باوەڕیان هێناوە بە بوونی بۆنی گوڵەكان یان شیرینی هەنگوین؟ ئیتر بۆچی دەربارەی خوای گەورە ئەوە بەمەرج دەگرن و دەڵێن ئەومان پیشان بدەن ئێمەیش باوەڕی پێدەهێنین؟

سەرباری ئەمە لە جەستەی مرۆڤدا كۆمەڵێك شت هەیە كە مرۆڤ باوەڕی بە بوونیان هەیە بێ ئەوەی بیانبینێت، وە هەردەبێت باوەڕی بەبوونیان هەبێت. ئایا هەموو كەسێك

لەڕێگەی بینینەوە داندەنێت بەبوونی دڵ و جگەر و دەماغ و ڕیخۆڵە و سپڵ و سیەکانی خۆی یان لەڕێگەیەکی ترەوە؟ وە ئەگەر ئەم شتانە لەلەشیدا دەربهێنرێن بۆئەوەی بیان بینێت؛ ئەوا دەستبەجێ دەمرێت و دەرفەتی بینیی ئەو شتانەی بۆ هەڵناکەوێت.

ئەم شتانەم وەك نموونە پێشکەش کرد لەسەر ئەوەی کە ناکرێت هەموو شتەکان تەنها لەڕێگەی بینیەوە بزانرێن، بەڵکو لەڕێگەی پێنج هەستە جیاوازەکانەوە دەزانرێن. ئێستایش ڕوونی دەکەمەوە کە کۆمەڵێکی زۆر لە شتەکان هەن تەنانەت لەڕێگەی ئەم پێنج هەستەیشەوە هەست بە بوونیان ناکرێت، بەڵکو ڕێگەی زانین و پەی پێبردنیان تەواو جیاوازە. بۆ نموونە ژیری و بیرکردنەوە و هۆش شتانێکن هیچ کەسێك لە جیهاندا نکوڵییان لێ ناکات، بەڵام ئایا کەسێك هەیە عەقڵی بینیبێت یان بۆنی کردبێت یان تامەکەی چەشتبێت یان دەستی لێدابێت؟ چۆن زانرا شتێك هەیە ناوی عەقڵە یان بیر و هزر بوونی هەیە؟ پاشان هێز بە نموونە وەربگرن، هەموو مرۆڤێك بڕێك هێزی هەیە. بەدڵنیاییەوە هەموو کەسێك لاواز بێت یان بەهێز خاوەنی بڕێك هێزە. بەڵام ئایا کەسێك هەیە هێزی بینی بێت یان گوێی لێ بووبێت یان دەستی لێ دابێت یان تامی کردبێت؟ وە چۆن زانرا کە هێز بوونی هەیە؟ تەنانەت

سادەترین کەس دەتوانێت تێبگات ئێمە لەڕێگەی هەستەکانەوە نەمان زانیوە کە ئەم شتانە بوونیان هەیە، بەڵکو لەڕێگەی زانینی شوێنەوار و کاریگەریەکانیانەوە دەزانین بوونیان هەیە... بۆ نموونە بینیومانە کاتێك مرۆڤ لە هەموو لایەکەوە کێشە و گرفت دەوری دەدات تاوێك ڕادەمێنێت و بیردەکاتەوە ئینجا ڕێگایەك دەدۆزێتەوە کە بەهۆیەوە کێشەکانی چارەسەر دەکات. کاتێك تێبینی ئەوەمان کرد کە کێشە و گرفتەکان بەم شێوەیە چارەسەر دەبن یەقینمان بۆ دروست بوو کە شتێك لە مرۆڤدا بوونی هەیە لەم جۆرە هەلومەرجانەدا کەڵکی پێدەگەیەنێت، وە ئەو شتەمان ناونا "عەقڵ". دیارە بەهیچ یەکێك لەو پێنج هەستە عەقڵمان نەدۆزیەوە، بەڵکو لەڕێگەی توانا و کاریگەرە سەرسوڕهێنەرەکانیەوە زانیمان کە بوونی هەیە. هەروەها کاتێك بینیمان مرۆڤ شتانێك بەرزدەکاتەوە کە کێشیان قورسە ئەوکات زانیمان کە خاوەنی شتێکی بەهادارە بەهۆیەوە دەتوانێت قورساییەکان بەرز بکاتەوە و زاڵ بێت بەسەر ئەو شتانەدا کە لەخۆی لاوازترن، وە ئەو شتەمان ناونا "هێز" یان "توانا".

بەم جۆرە هەتا شتەکان سادەتر بن زیاتر شاراوە دەبن لە چاوی مرۆڤ، وە هەمیشە بوونی ئەو شتانە لەڕێگەی کاریگەریەکانیانەوە دەزانرێت، نەك بە بینین و بۆنکردن و

دەستلێدان و تامکردن؛ دیارە خوا کە لە هەموو شتێك سادەترە، کەی ڕەوایە بۆ زانینی بوونەکەی، ئەو مەرجە دابنرێت و بوترێت هەرگیز باوەڕی پێ ناکەین ئەگەر بەچاوی خۆمان نەیبینین؟ ئایا کەسێك تەزووی کارەبای بینیوە؟ ئایا دەکرێت نکوڵی لەو هەواڵانە بکرێت کە لەڕێگەی کارەباوە دەگەن، یان نکوڵی بکرێت لە ئیشکردنی ئامێرەکان، یان داگیرسانی گڵۆپەکان؟

بێگومان دۆزینەوەی ئەثیر (ether) هەژانێکی گەورەی دروستکرد لە بواری زانستە فیزیاییەکاندا، بەڵام ئایا هەتا ئێستا زاناکان توانیویانە هۆکارێك دروست بکەن بۆ بینینی یان بیستنی یان بۆنکردنی یان دەستلێدانی یان تامکردنی؟ بەڵام ئەگەر دانەنێین بە بوونیدا ئەوا ناتوانین مەسەلەی گەیشتنی ڕووناکی خۆر بۆ دنیا شرۆڤە بکەین. کەواتە سەرەڕای بوونی ئەم بەڵگانە ستەمێکی زۆر گەورەیە بوترێت: خوامان پیشان بدەن هەتا باوەڕ بە بوونی بکەین! دیارە خوای گەورە دەبینرێت، بەڵام بەو چاوانەی کە شایستەن بۆ بینینی. وە ئەگەر کەسێك دەیەوێت ئەو ببینێت؛ ئەوا ئەو (ﷻ) بە هێز و تواناکانیەوە لە بەرامبەر دنیادا وەستاوە، وە لەگەڵ ئەوەی لە پەنهانیدایە کەچی لەهەموو شتێك زیاتر ئاشکرا و دیارە.

هەڵبەت خوای گەورە زۆر بەکورتی لە قورئانی پیرۆزدا ئەم بابەتەی خستووەتەڕوو، بەڵام بەشێوازێك کە وێنەی نیە، دەفەرموێت: {لَا تُدْرِكُهُ الْأَبْصَارُ وَهُوَ يُدْرِكُ الْأَبْصَارَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ} (الأنعام: 104) خوای گەورە لەم ئایەتەدا سەرنجی مرۆڤی ڕاکێشاوە بۆ ئەوەی کە چاوی ئەو ناتوانێت زاتی خوا ببینێت؛ چونکە سادەیە، وە شتە سادەکان وەك عەقڵ و هێز و ڕۆح و کارەبا و ئەثیر (ether) هەرگیز هیچ کەسێك ناتوانێت بیانبینێن... ئیتر چاوی مرۆڤ لەکوێ دەتوانێت خوای (اللطیف) ببینێت؟!

کەواتە، خەڵکی چۆن دەتوانن ببینن، وە بە چ ڕێگەیەك دەتوانرێت بناسرێت؟ خۆی (ﷻ) وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە و دەفەرموێت: {وَهُوَ يُدْرِكُ الْأَبْصَارَ}. واتە لەگەڵ ئەوەی چاوی مرۆڤ بەهۆی ئەو لاوازیەی کە هەیەتی ناتوانێت چیەتی و ناوەڕۆکی خوای گەورە بەدی بکات، بەڵام ئەو (ﷻ) بوونی خۆی پیشانی مرۆڤ دەدات لەڕێگەی دەرخستنی هێز و توانا و جیلوە کردنی سیفەتە تەواوەکانیەوە. وە لەگەڵ ئەوەی چاوی مرۆڤ توانای ئەوەی نیە خوای گەورە ببینێت، بەڵام خوای گەورە لەڕێگەی هێز و توانا بێسنورەکەیەوە بەشێوازی جۆراوجۆر خۆی دەردەخات، جارێك لەڕێگەی نیشانە جەلالیەکانی و جارێکی تر لەڕێگەی

پێغەمبەرەكانیەوە، وە جارێك لەڕێگەی شوێنەوارەكانی ڕەحمەتەكەیەوە و جارێكی تر لەڕێگەی گیرابوونی نزاوە.

ئەگەر باوەڕهێنان بەخوای گەورە لە بینینی ئەو زاتە مەزنەدا كورت بكرێتەوە و باوەڕنەكرێت بە بوونی هیچ شتێك مەگەر دوای بینینی؛ ئەوا پێویستە نكوڵی لە 5/4ی شتەكان بكەین لە دنیادا، وە بەگوێرەی قسەی هەندێ فەیلەسووف دەبێت باوەڕنەكرێت بە هەموو شتەكان؛ چونكە باوەڕیان وایە كە لە جیهاندا شتەكان نابینرێن، بەڵكو تەنها سیفەتەكانیان دەبینرێت.. پاش سەلماندنی ئەم بابەتە ئێستایش ئەو بەڵگانە دەهێنمەوە كە بەهۆیانەوە بوونی خوای گەورە دەسەلمێنرێت، وە مرۆڤ یەقینی بۆ دروست دەبێت كە كەسێكی جگە لەخۆی دروستی كردووە نەك ئەوەی خۆی خالقی خۆی بێت.

بەڵگەی یەکەم

هەموو بەڵگەکان لەسەر بوونی خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزەوە دەهێنمەوە؛ چونکە باوەڕم وایە قورئانی پیرۆز هەموو ئەو هۆکارانەی خستووەتەڕوو کە پێویستن بۆ ئەوەی مرۆڤ کەماڵی ڕۆحی بەدەستبهێنێت، وە سەرکەوتنیش هەر لەلایەن خواوەیە. وە لەبەرئەوەی مرۆڤ دوای هاتنە دنیا یەکەم زانیاری لەڕێگەی گوێچکەکانیەوە پێدەگات، بۆیە یەکەمجار بەڵگەی بیستن دەهێنمەوە:

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: {قَدْ أَفْلَحَ مَنْ تَزَكَّى (*) وَذَكَرَ اسْمَ رَبِّهِ فَصَلَّى (*) بَلْ تُؤْثِرُونَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا (*) وَالْآخِرَةُ خَيْرٌ وَأَبْقَى (*) إِنَّ هَذَا لَفِي الصُّحُفِ الْأُولَى (*) صُحُفِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى (*)} (الأعلى: 15_20) واتە ئەو کەسەی خۆی خاوێن کردەوە و بەزوبانی خۆی دانینا بە بوونی خوای گەورەدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، پاشان تەنها بە دانپێدانانی زارەکی وازینەهێنا، بەڵکو بەکردەوە لە ڕێگەی بەندایەتیەوە سەلماندی کە ڕاستگۆیە لە دانپێدانانەکەیدا، بەڵام ئێوە ژیانی دنیا هەڵدەبژێرن لەگەڵ ئەوەی ژیانی دوارۆژ چاکترە و دەمێنێتەوە. وە ئەم مەبەستە تەنها قورئانی پیرۆز پێشکەشی ناکات، بەڵکو ئەم بانگەشەیە لە هەموو پەڕاوەکانی پێشوودا هەیە، وە ئەو ڕێنمایی و ئامۆژگاریە شایەتی دەدات

لەسەری کە ئیبراهیم و مووسا (سڵاوی خوایان لەسەر بێت) پێشکەشیان کردووە لەبەرامبەر جیهاندا.

بێگومان خوای گەورە لەم ئایەتانەدا بە بەڵگە ڕاستی سەلماندووە بۆ نەیارانی قورئانی پیرۆز، ئەوانەی خۆیان دەپارێزن لە هەواو ئارەزووە دەروونیەکانیان و داندەنێن بە بوونی خوای گەورەدا و بەدڵسۆزی شوێن فەرمانەکانی دەکەون، هەمیشە براوە و سەرکەوتوو دەبن. وە بەڵگەی ڕاستی ئەم ڕێنماییە ئەوەیە کە ئەم مەبەستە مەبەستێکی هاوبەشە لەنێوان ئایینەکانی پێشوودا؛ وە خوای گەورە نموونەی ئیبراهیم و مووسای هێناوەتەوە (سڵاوی خوایان لێ بێت) بۆ ئەوەی ڕاستی بسەلمێنێت بۆ شوێنکەوتووانی ئەو ئایینە گەورانەی کە لەو کاتەدا هەبوون وەك مەسیحی و یەهودی و ئایینی کافرەکانی مەککە؛ چونکە پێیان دەڵێت لانی کەم ئێوە باوەڕتان بە ئیبراهیم و مووسا هەیە، دەی ئەوەتا ئەوانیش هەمان ڕێنماییان پێشکەش کردووە. کەواتە یەکێك لە بەڵگە گەورەکان کە قورئانی پیرۆز پێشکەشی دەکات لەسەر بوونی خوای گەورە ئەوەیە کە هەموو ئایینەکان تەبا و هاوڕان لەسەر بوونی خوای گەورە، وە ئەمە پرسێکی هاوبەشە لەنێوان هەموو نەتەوەکاندا. وە هەرکاتێك مرۆڤ ڕابمێنێت لەم بەڵگەیە ڕاستی و دروستیەکەی بۆ دەردەکەوێت.

لەڕاستیدا هەموو ئایینەکانی جیهان لەسەر ئەوە یەکدەنگن کە دروستکارێك هەموو گەردوونی دروستکردووە. بێگومان جیاوازی لە نیشتیمان و هەلومەرجەکاندا دەبێتە هۆی دروستبوونی جیاوازی لە بیروباوەڕەکاندا، بەڵام سەرەڕای ئەوە ئایینە مێژووییەکان هەموویان لەسەر بوونی خوای گەورە هاودەنگن، ئەگەرچی جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە سەبارەت بە سیفەتەکانی خوای گەورە.

ئەو ئایینانەی کە ئێستا هەن وەك ئیسلام و مەسیحی و یەهودی و بوودایی و سیخی و هیندۆسی و زەردەشتی هەموویان باوەڕیان بە یەك خوا یان بە "ئەلۆهیم" یان بە "پەرمیشۆر" یان بە "پەرەماتما" یان بە "ست گورو" یان بە "یەزدان" هەیە، وە تەنانەت ئەو ئایینانەی کە لەسەر زەویدا نەماون و سڕاونەتەوە شوێنەوارە ماوەکانیان ڕایدەگەینن کە هەموویان باوەڕیان بە بوونی یەك خوا هەبووە... چ ئەم ئایینانە لە وڵاتێکی جیادا دەرکەوتبن وەك ئەمریکا یان لە دارستانەکانی ئەفریقا یان لە ڕۆما یان لە ئینگلتەرا یان لە جاوا و سۆمەترە یان لە یابان یان لە چین یان لە سیبریا و مەنشوریا. ئەم تەباییی و هاودەنگیە چۆن دروست بوو لەنێوان ئایینەکاندا؟ کێ دانیشتووانی ئەمریکای ئاگادارکرد لە بیروباوەڕی هیندۆسەکان، یان کێ خەڵکی چینی ئاگادار کرد لە بیروباوەڕی خەڵکانی ئەفریقا؟

لەگەڵ ئەوەی لە سەردەمی ڕابردوودا سیستەمی شەمەندەفەر و تەلەگراف و پۆستە لە ئارادا نەبووە کە لەمڕۆدا هەیە، وە هاتووچۆی کەشتیەکان وەك ئەم سەردەمەی ئێمە بەزۆری نەبووە، بەڵکو خەڵکی سواری پشتی ئەسپ و وڵاغ بوون، وە کەشتیە چارۆکەدارەکان بەچەندین مانگ ماوەیەکیان دەبڕی کە لەم سەردەمەدا بڕینی ئەو ماوەیە چەند ڕۆژێك دەخایەنێت، تەنانەت ژمارەیەکی زۆر لەو ناوچانە لەو کاتەدا نەدۆزرابوونەوە، ئیتر چۆن یەك دەنگی و هاوڕایی دروست بووە لەسەر یەك باوەڕ لە کۆمەڵێك وڵات کە هەست و نەست و داب و نەریتیان جیاواز بووە و ئاگایان لەیەکتری نەبووە، لەگەڵ ئەوەی دوو کەس لەسەر چیرۆکە دروستکراوەکان تەبا و هاودەنگ نابن. کەواتە، ئایا هاودەنگی ژمارەیەکی زۆر لە نەتەوە و وڵاتەکان، کە هیچ هۆکارێك نەبووە بۆ بیروڕا گۆڕینەوە لەنێوانیاندا، لەسەر باوەڕێك ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو باوەڕە پرسێکی واقیعی بووە دەرکەوتووە لەناو هەموو نەتەوەکان و سەرجەم وڵاتاندا لەڕێگەی هۆکارێکی ناباو و نەزانراوەوە کە ئیسلام ئاشکرای کردووە؟

بێگومان زانایانی مێژوو لەسەر ئەوە کۆدەنگن کە هەر بابەتێك مێژوونووسانی وڵاتە جیاوازەکان هاوڕابوون لەسەری؛ ئەوا گومان نیە لەڕاستی ئەو بابەتە، وە لەبەرئەوەی هەزارەها، بەڵکو

ملیۆنەها هۆز و نەتەوە هاودەنگن لەسەر ئەم بابەتە [*واتە بابەتی بوونی خوا*] ئیتر بۆچی یەقین نەبێت کە هەموو دنیا باوەڕی پێی هەبووە لەڕێگەی بینینی جیلوەیەکەوە؟

بەڵگەی دووەم

بەڵگەی دووەم کە قورئانی پیرۆز پێشکەشی دەکات لەسەر بوونی خوای گەورە لەم ئایەتانەی خوارەوەدا خراوەتەڕوو:

{وَتِلْكَ حُجَّتُنَا آتَيْنَاهَا إِبْرَاهِيمَ عَلَى قَوْمِهِ نَرْفَعُ دَرَجَاتٍ مَنْ نَشَاءُ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ (83) وَوَهَبْنَا لَهُ إِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ كُلًّا هَدَيْنَا وَنُوحًا هَدَيْنَا مِنْ قَبْلُ وَمِنْ ذُرِّيَّتِهِ دَاوُودَ وَسُلَيْمَانَ وَأَيُّوبَ وَيُوسُفَ وَمُوسَى وَهَارُونَ وَكَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ (84) وَزَكَرِيَّا وَيَحْيَى وَعِيسَى وَإِلْيَاسَ كُلٌّ مِنَ الصَّالِحِينَ (85) وَإِسْمَاعِيلَ وَالْيَسَعَ وَيُونُسَ وَلُوطًا وَكُلًّا فَضَّلْنَا عَلَى الْعَالَمِينَ (86)} (الأنعام: 84_87) پاش چەند ئایەتێك دەفەرموێت: {أُولَئِكَ الَّذِينَ هَدَى اللَّهُ فَبِهُدَاهُمُ اقْتَدِهْ} (الأنعام: 91)

خوای گەورە لەم ئایەتانەدا دەفەرموێت: کام لەم دوو قسەیە شیاوتر و لەپێشترە بۆ وەرگرتن، ئەو قسەیەی کە ئەم ڕێژە زۆرە لە پارێزکار و پاکان و چاکان شایەتی دەدەن لەسەری یان ئەو قسەیەی کە ئەو نەفامانەی تر دەیڵێن، کە کردەوەکانیان بەراورد ناکرێت لەگەڵ کردەوەی ئەو پیاوچاکانەدا؟ ئاشکرایە بایەخ بەقسەی ئەوانە دەدرێت کە بە

گوفتار و ڕەفتاریان بۆ خەڵکی جیهانیان سەلماندووە کەسانێکی بەتەقوا و پاك بوون و لە خراپە و تاوان بەدوور بوون و خۆیان پاراستووە لە درۆکردن؛ بۆیە پێویستە لەسەر هەموو کەسێك کە شوێن ئەم کەسانە بکەوێت و لەبەرامبەردا قسەی ئەوانی تر ڕەت بکاتەوە. ئەوەتا دەبینین هەموو ئەو کەسانەی کە هاتن و چوون لە مامۆستای چاکە و کەسانی ڕەوشت جوان و ئەوانەی کە بە کردەوەکانیان دەسەڵاتی ڕاستگۆیی خۆیان فراوان کرد بەسەر جیهاندا، هەموویان شایەتی دەدەن لەسەر ئەوەی کە زاتێك بوونی هەیە کە لە زمانە جیاوازەکاندا ناوی "الله" یان "GOD" یان "پەرمیشۆر"ە.

بێگومان دوو پێغەمبەری ڕاستگۆی هیندستان بەناوەکانی ڕامچەندەر (عليه السلام) و کرشن (عليه السلام)، وە پێغەمبەری ڕاستگۆی ئێران بەناوی زەردەشت (عليه السلام)، وە پێغەمبەری ڕاستگۆی میسر بەناوی مووسا (عليه السلام)، وە پێغەمبەری ڕاستگۆی ناسیرە بەناوی مەسیح (عليه السلام)، وە ڕاستگۆیەك لە پەنجاب بەناوی "نانگ" ڕەحمەتی خوای لێ بێت، پاشان ڕاستگۆترینی ڕاستگۆیان ڕووناکی نەتەوەی عەرەب بەناوی موحەممەدی هەڵبژاردە (صلى الله عليه وسلم) کە هۆزەکەی لە منداڵیەوە نازناوی ڕاستگۆیان پێدابوو، -ئەو کەسەی کە دەفەرموێت: {فَقَدْ لَبِثْتُ فِيكُمْ عُمُرًا} (یونس: 17) ئایا دەتوانن بیسەلمێنن کە هیچ درۆیەکم کردبێت؟

هۆزەکەیشی هیچ ڕەخنەیەکیان لێ نەبوو- وێڕای هەزارەها ڕاستگۆ کە لەدنیادا ناوبەناو هاتن و چوون هەموویان بەیەك دەنگ هاوار دەکەن کە خوا یەکە، بگرە دەشڵێن ئێمە پێیگەیشتووین و قسەمان لەگەڵدا کردووە.

فەیلەسووفە گەورەکان، ئەوانەی لەدنیادا شتێکیان کردووە و جێدەستیان دیارە، ناتوانن بەڕێژەی یەك لە هەزار کردەوەی خۆیان پێشکەش بکەن لە بەرامبەر کردەوەکانی یەکێك لەو ڕاستگۆیانە، بەڵکو ئەگەر بەراورد بکرێت لەنێوان ژیانی ئەوان و ژیانی فەیلەسووفەکاندا؛ ئەوا بە دەگمەن لە ژیانی فەیلەسووفەکاندا دەبینرێت کە سنوری قسەیان تێپەڕاندبێت و چووبنەناو بواری کردارەوە. لەکوێ فەیلەسووفەکان دەتوانن ئەو ڕاستگۆیی و دروستیە لەکردار و گوفتاردا پیشان بدەن کە ئەوان پیشانیان داوە؟ دیارە فەیلەسووفەکان خەڵکی فێری ڕاستگۆیی دەکەن، بەڵام خۆیان دوورناکەونەوە لە قسەی درۆ. بەڵام لەبەرامبەردا ئەوانەی کە لەسەرەوە ناوم هێنان تەنها لەپێناوی ڕاستگۆییدا بەرگەی هەزارەها بەڵا و نەهامەتییان گرتووە بەڵام هەرگیز پێیان لەجێی خۆی نەترازاوە. هەڵبەت خراپەکاران پیلانیان گێراوە بۆ کوشتنیان، وە لەزێدی خۆیان دەرکراون، وە لە بازاڕ و شەقامەکاندا هەوڵدراوە سووکایەتییان پێ بکرێت، وە هەموو خەڵکی بایکۆتیان کردوون، بەڵام

وازیان نەهێناوە لە هەڵوێستی خۆیان، وە ڕووی نەداوە کە لەپێناوی ڕازیکردنی خەڵکی بەهۆی درۆوە خۆیان ڕزگار کردبێت. دیارە کردارەکانیان و ڕاکردنیان لە دنیا و دوورکەوتنەوەیان لە ڕووپایی سەلماندوویەتی کە کەسانێکی دڵسۆز بوون و هیچ کردەوەیەکیان ئەنجام نەداوە لەبەر خاتری حەز و ئارەزووی دەروونی خۆیان. دەی ئەگەر ئەم جۆرە کەسە متمانەپێکراو و ڕاستگۆیانە بەیەك دەنگ دەڵێن ئێمە بە خوای گەورە گەیشتووین و گوێمان لەدەنگی بووە و درەوشانەوەی ئەو زاتەمان بەچاوی خۆمان بینیوە، ئیتر کەسێك هەیە کە پاساوێکی هەبێت بۆ ڕەتکردنەوەی قسەکەیان؟ ئەو کەسانەی کە ڕۆژانە درۆیان لێ دەبیستین ئەگەر هەندێکیان بەیەك دەنگ شایەتی بدەن لەسەر شتێك ئەوا چارمان نیە جگە لە قەبوڵ کردنی قسەکەیان. وە ئەو کەسانەی کە هیچ زانیاریەکمان نیە دەربارەی بارودۆخیان ئەگەر توێژینەوەکانیان بڵاوبکەنەوە لە ڕۆژنامەکاندا ئەوا باوەڕیان پێ دەکەین قسەکانیان بەڕاست دەزانین، بەڵام باوەڕناکەین بەقسەی مرۆڤە ڕاستگۆکان؟

خەڵکی دەڵێن لەندەن شارێکە، ئێمەیش ئەم قسەیە وەردەگرین و باوەڕی پێ دەکەین. زەویناسەکان دەڵێن ئەمریکا کیشوەرێکە، ئێمەش قسەکەیان بەڕاست دەزانین. گەشتیارەکان

دەڵێن سیبریا ناوچەیەکی فراوانی نەگونجاوە بۆ نیشتەجێ بوون، ئێمەیش نکوڵی لەم قسەیە ناکەین. بۆچی؟ چونکە زۆرێك لەخەڵکی شاهیدی دەدات لەسەر ئەم زانیاریانە، لەگەڵ ئەوەی ئێمە بارودۆخی ئەو شاهیدانە نازانین ئایا درۆزنن یان ڕاستگۆ؟ بەڵام ئەوانەی کە شاهیدی دەدەن لەسەر بوونی خوای گەورە ڕاستگۆییەکەیان وەك ڕۆژی ڕووناك ئاشکرا و دیارە و خەڵکی بەچاوی خۆیان بینیویانە. دیارە ئەم کەسانە ڕاستگۆییان لە جیهاندا چەسپاندووە لە ڕێگەی قوربانیدان بە ماڵ و گیان و نیشتیمان و سەربەرزی و ڕێزیان لەم پێناوەدا. دەی ئایا کەی ئەمانەت و سەرڕاستی ئەوەیە کە ڕازی بین بە قسەی گەشتیار و زەویناسەکان کەچی ڕازی نەبین بە قسەی ئەو کەسە ڕاستگۆیانە؟ ئەگەر بوونی لەندەن لەڕێگەی شایەتیدانی هەندێ کەسەوە بسەلمێنرێت؛ ئەوا بۆچی ناکرێت بوونی خوای گەورە لە ڕێگەی شایەتیدانی هەزاران کەسی ڕاستگۆوە بسەلمێنرێت؟

پوختەی قسان ئەوەیە کە شایەتیدانی هەزاران کەسی ڕاستگۆ کە بە ئاشکرا شایەتییان داوە لەسەر بوونی خوای گەورە بەهیچ شێوەیەك لە شێوەکان ناکرێت ڕەتبکرێتەوە. سەیر ئەوەیە کە ئەوانەی ئەم ڕێگەیان گرتووە بەیەك دەنگ هەموویان دەڵێن خودا بوونی هەیە، لەکاتێکدا ئەوانەی کە بەهیچ

شێوەیەك ئاگاداری ڕێگا ڕۆحانیەکان نین دەڵێن: پێویستە لەسەرتان باوەڕتان نەبێت بەم قسەیەی ئەوان... لەگەڵ ئەوەی بەگوێرەی بنەمای شایەتیدان ئەگەر دوو کەسی ڕاستگۆ لەیەك ئاستدا شایەتی بدەن لەسەر بابەتێك، ئەوەیان کە دەڵێت فڵان شتم بینیوە شایەتیەکەی پەسەند دەکرێت بەسەر شایەتی ئەوەی تریاندا کە دەڵێت ئەو شتەم نەبینیوە؛ چونکە دەکرێت یەکێکیان بۆی نەگونجابێت ئەو شتە ببینێت، بەڵام ناکرێت کەسێك شتێکی نەبینیبێت کەچی پێیوابێت ئەو شتەی بینیوە. کەوابوو بەهەموو شێوەیەك ئەوانەی خوای گەورەیان بینیوە و شایەتی دەدەن لەسەر بوونەکەی بینین و شایەتیەکەیان دەبێت بە حوججە لەسەر ئەوانەی کە نکوڵی لێ دەکەن.

بەڵگەی سێیەم

بەڵگەی سێیەم کە لە قورئانی پیرۆزەوە فێری دەبین ئەوەیە کە خودی سروشت و فیترەتی مرۆڤ بەڵگەیە لەسەر بوونی خوای گەورە؛ چونکە کۆمەڵێك تاوان هەیە کە بەیەکجاری فیترەتی مرۆڤ بێزی لێ دەکاتەوە، وەك زیناکردن لەگەڵ دایك یان لەگەڵ خوشك یان لەگەڵ کچدا، وە پەیوەست بوون بە پیسی و پۆخڵیەکانەوە وەك میز و پیسی، وە درۆکردن. هەموو ئەم جۆرە شتانە تەنانەت بێباوەڕیش خۆی بەدووردەگرێت لێیان، بەڵام بۆچی؟ ئەگەر خوایەك بوونی نیە

ئەوا بۆچی خۆی دەپارێزێت لەم شتانە؟ بۆچی جیاكاری دەكات لەنێوان دایك یان خوشك یان ئافرەتانی تردا؟ بۆچی درۆكرد بەكارێكی خراپ لەقەڵەم دەدات، ئەو بەڵگانە چین كە ئەم شتە باسكراوانەی كردووە بە شتانێكی قێزەون لە تێڕوانیی ئەودا؟ ئەگەر ترس و شكۆی هێزێكی باڵا لە دڵیدا نیە؛ ئەوا بۆچی پارێز دەكات لەم شتانە؟ پێویست بوو درۆ و ڕاستگۆیی و ستەم و دادپەروەری لای ئەو جیاوازی نەبوایە، دڵی چی پێ خۆش بوایە ئەنجامی بدایە. چ شەریعەتێك هەست و نەستەكانی بەڕێوە دەبات و دەسەڵاتی هەیە بەسەر دڵیدا. دەكرێت بێباوەڕ بە زوبان لەژێر ڕكێفی خوای گەورە دەرچێت، بەڵام ناتوانێت لە بازنەی ئەو سروشتە پاكە دەرچێت كە خوای گەورە مرۆڤی لەسەر دروست كردووە. دووركەوتنەوەی بێباوەڕ لەتاوان یان ئاشكرانەكردنی ئەو تاوانە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە ترسی لێپرسینەوەی پاشایەكی هەیە كە زاڵە بەسەر دڵیدا، ئەگەرچی نكوڵی لە دەسەڵات و فەرمانڕەوایی ئەو پاشایە دەكات.

خوای گەورە دەفەرموێت: {لَا أُقْسِمُ بِيَوْمِ الْقِيَامَةِ (1) وَلَا أُقْسِمُ بِالنَّفْسِ اللَّوَّامَةِ(2)} (القيامة: 2_3) واتە بەو شێوە نیە كە خەڵكی پێیان وایە نە خوایەك هەیە و نە دوارۆژێك. بەڵكو ئێمە دوو شت پێشكەش دەكەین بۆ سەلماندنی ئەم بابەتانە:

یەکەم ئەوەیە هەموو شتێك دوارۆژێکی هەیە کە تێیدا بڕیاردەدرێت لەبارەیەوە، بۆیە پاداشتی چاکە چاکە دەبێت و پاداشتی خراپەیش هەر خراپە دەبێت. ئەگەر خوایەك بوونی نەبێ بۆچی پاداشت و سزا ڕوودەدات؟ وە ئەوانەی نکوڵی لە دوارۆژی هەرەگەورە دەکەن با سەیربکەن کە دوارۆژ و قیامەت لەم دنیایەوە دەست پێ دەکات؛ چونکە کەسی زیانکەر تووشی نەخۆشی فەرەنگی و سووزەنەك دەبێت، کەسێك هاوسەرگیری کردبێت تووشی ئەم نەخۆشیانە نابێت، لەگەڵ ئەوەی هەردووکیان هەمان کار ئەنجام دەدەن.

بەڵگەی دووەم بریتیە لەو نەفسەی کە لۆمە و سەرزەنشتی خۆی دەکات... واتە خودی نەفسی مرۆڤ کە سەرزەنشتی مرۆڤەکە دەکات لەسەر ئەنجامدانی تاوان بەوەی کە کارێکی خراپ و پیسە. بێگومان بێباوەڕەکانیش زینا و درۆ بەلایانەوە قێزەونە، وە خۆبەزلزانین و حەسوودی بەکاری چاك لەقەڵەم نادەن. بۆچی؟ لەگەڵ ئەوەی پابەند نین بە هیچ شەریعەتێکەوە. ئایا لەبەرئەوە نیە کە دڵیان پێی ڕازی نیە! وە دڵ بەم کردەوانە ڕازی نیە؛ چونکە ئەوە دەزانێت کە بە دەستی فەرمانڕەوایەکی هەرە بڵند [خوا] سزا دەدرێت لەسەر ئەنجامدانی ئەم کارەی ئەگەرچی ناتوانێت بە وشە گوزارشت بکات لەم هەستە. وە بۆ پشتگیری خودی ئەم هەڵوێستە لە قورئانی پیرۆزدا لە

جێگایەکی تردا ئەم ئایەتە پیرۆزە هاتووە: {فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا} (الشمس: 9) واتە خوای گەورە پیشانی هەموو نەفسێكی داوە كە خراپە و چاكە كامەیە، بۆیە ئەم هەستكردن بە چاكە و خراپەیە لە خودی خۆیدا بەڵگەیەکی بەهێزە لەسەر بوونی خوای گەورە. ئەگەر خوایەك بوونی نەبێت؛ ئەوا پێویست بەوە ناكات شتێك وەسف بكەین بەچاكە و شتێكی تر بەخراپە، بەڵكو با خەڵكی هەر كارێكیان دەوێت ئەنجامی بدەن.

بەڵگەی چوارەم

بەڵگەی چوارەم كە لە قورئانی پیرۆزەوە فێری دەبین لەسەر بوونی خوای گەورە بریتیە لەم ئایەتە پیرۆزانە: {وَأَنَّ إِلَى رَبِّكَ الْمُنْتَهَى(*) وَأَنَّهُ هُوَ أَضْحَكَ وَأَبْكَى(*) وَأَنَّهُ هُوَ أَمَاتَ وَأَحْيَا(*) وَأَنَّهُ خَلَقَ الزَّوْجَيْنِ الذَّكَرَ وَالْأُنْثَى(*) مِنْ نُطْفَةٍ إِذَا تُمْنَى(*)} (النجم: 43_47)، واتە لە ڕێگەی هەموو پێغەمبەرێكەوە ئەم بابەتەمان ڕاگەیاندووە كە: كۆتایی و سەرەنجامی هەموو شتێك بریتیە لە خوای گەورە، چ ڕووداوە خۆشەكان و چ ڕووداوە ناخۆشەكان هەمووی لەلایەن خوای گەورەوە دێت، وە مردن و ژیان بەدەستی خوای گەورەیە، وە نێر و مێی لە تنۆكێك ئاوی بچوك دروست كردووە ئەگەر بهاوێژرێتە منداڵانەوە.

لەم ئایەتانەدا خوای گەورە سەرنجی مرۆڤ بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە هەموو کارێك بکەرێکی هەیە، وە دەبێت هەموو کارێك بکەرێکی هەبێت. وە ئەگەر بیرتان کردەوە لەم گەردوونە هەمووی؛ ئەوا بۆتان ڕووندەبێتەوە کە لە ئاکامدا هەموو شتەکان بەخوای گەورە کۆتاییان دێت، وە ئەو کۆتایی هەموو شتێکە، وە بەهۆی حیکمەتی ئەوەوە هەموو شێك ڕوودەدات. بۆیە خوای گەورە سەرنجی مرۆڤ ڕادەکیشێت بۆ دۆخە سەرەتاییەکەی کە بێگومان تۆ لە تنۆکێك ئاو دروستکراویت، وە هەر کاتێك بگەڕێیتەوە بۆ دواوە؛ ئەوا زیاتر و زیاتر بچوکی خۆتت بۆ دەردەکەوێت. ئیتر چۆن دەگونجێت تۆ دروستکاری خۆت بیت؟ دیارە ناکرێت دروستکراوێك هەبێت بەبێ دروستکار، وە مرۆڤ دروستکاری خۆی نیە؛ چونکە هەرچەند ڕادەمێنین لە بارودۆخەکەی دەبینین پاش ئەوەی لە دۆخی نزمی و لاوازیەوە گەشەی کردووە ئینجا گەیشتووەتە ئەم دۆخەی ئێستای. دەی ئەگەر لەم دۆخەی ئێستایدا دروستکار نەبێت؛ ئەوا چۆن دەگونجێت لەو دۆخە کە زۆر لاواز بووە دروستکار بووبێت؟! کەواتە دەبێت باوەڕ بەوە بهێنین کە دروستکارێکی تری هەیە کە کۆتایی و سنورێك نیە بۆ هێز و تواناکانی.

دەرەنجام، ئەگەر بیربکەینەوە لە گەشە و پەرەسەندنی قۆناغ بەقۆناغی مرۆڤ؛ ئەوا دەبینین هۆکارەکانی وردتر و وردترە، تەنانەت دەگاتە قۆناغێك کە تێیدا هەموو زانستە دنیاییەکان دەستەوسان دەبن و نازانن هۆکاری شتەکان چیە، کە ئەمەش قۆناغێکە دەستی خوای گەورە کار دەکات. وە لەکۆتاییدا هەموو زانایەك ناچار دەبێت دان بەوەدا بنێت کە "ئەنجامی هەموو کارەکان بۆ پەروەردگارت دەگەڕێتەوە." واتە هەموو شتێك کۆتاییەکی هەیە، وە هەموو شتێك بە بوونێك کۆتایی دێت کە ژێری ئێوە پەی پێ نابات کە ئەویش خوای گەورەیە.

ئەم بەڵگەیە هێندە ڕوونە کە نەزانترین کەس دەتوانێت لێی تێبگات. دەگێڕنەوە کەسێك پرسیاری لە عەرەبێکی دەشتەکی کرد کە بەڵگەت چیە بۆ بوونی خوای گەورە؟ ئەویش وەڵامی دەداتەوە کە هەر کاتێك پشقلی وشتر دەبینم بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە وشترێك بە ئێرەدا تێپەڕیوە، دەی ئایا ناتوانم بە بینینی ئەم هەموو دروستکراوە مەزنانە بزانم کە دروستکارێکیان هەیە؟ [1] لەڕاستیدا ئەم وەڵامە وەڵامێکی

[1] پەراوێز: پشقلی وشتر بەڵگەیە لەسەر بوونی وشتر، وە شوێنپێ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەسێك بەوێدا ڕۆیشتووە، دەی ئایا ئاسمانی خاوەنی کەلووەکان و زەمینی خاوەن ڕێگاکان بەڵگە نیە لەسەر زاتێکی بە توانا.

ڕاست و دروستە و تەبایە لەگەڵ فیترەت و سروشتی مرۆڤدا، وە ئەگەر سەرنج بدات لە دروستبوونی دروستکراوان؛ ئەوا بەدڵنیاییەوە ناچار دەبێت دان بە بوونی زاتێکدا بنێت کە ئەم هەموو شتانەی دروست کردووە.

بەڵگەی پێنجەم

بەڵگەی پێنجەم کە قورئانی پیرۆز پێشکەشی دەکات لەسەر بوونی خوای گەورە لە بەڵگەی پێشوو دەچێت بەڵام لەو بەهێزترە؛ چونکە لێرەدا شێوازی بەڵگەهێنانەوە بە شتی لەپێشتر بەکارهاتووە. خوای گەورە دەفەرموێت: {تَبَارَكَ الَّذِي بِيَدِهِ الْمُلْكُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ(*) الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا وَهُوَ الْعَزِيزُ الْغَفُورُ(*) الَّذِي خَلَقَ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ طِبَاقًا مَا تَرَى فِي خَلْقِ الرَّحْمَنِ مِنْ تَفَاوُتٍ فَارْجِعِ الْبَصَرَ هَلْ تَرَى مِنْ فُطُورٍ(*) ثُمَّ ارْجِعِ الْبَصَرَ كَرَّتَيْنِ يَنْقَلِبْ إِلَيْكَ الْبَصَرُ خَاسِئًا وَهُوَ حَسِيرٌ} (الملك: 2_5)

هەندێ کەس دەڵێن ئەم گەردوونە هەمووی بەڕێکەوت دروست بووە، وە هەموو شتێك بەڕێکەوت لە تێکەڵاوبوونی ماددەکانەوە پێکهاتووە. وە دەیانەوێت لەڕێگەی زانستەوە بیسەلمێنن کە دەکرێت هەندێکی دنیا لەگەڵ هەندێکی تریدا پێکەوە بلکێـت و بەبێ بەڕێوەبەرێك لەخۆوە کار بکات. بەڵام خوای گەورە لەم ئایەتانەدا بەرپەرچیان دەداتەوە بەوەی کە

ئەو شتانەی بەڕێکەوت ڕەگەزەکانی بەیەکەوە دەلکێن ڕیزبەندی و سیستەمیان تێدا نیە، بەڵکو هەڕەمەکین. وێنە لە تێکەڵبوونی کۆمەڵێك ڕەنگی جیاوازەوە دروست دەبێت بەڵام ئەگەر کۆمەڵێك ڕەنگی جیاوازمان هەڵدایە سەر کاغەزێك ئایا دەبێت بە وێنەیەك؟ وە کۆشك و خانووەکان لە بلۆك و خشت دروست دەبن، بەڵام ئەگەر خشت و بلۆکەکانمان هەڵدایە سەر یەك ئایا خانوویەك دروست دەبێت؟ گریمان هەندێ لە ڕووداوەکان بەڕێکەوت ڕوودەدەن، بەڵام پاش بینینی ئەو سیستەم و ڕێکوپێکیەی کە لە گەردووندا هەیە مرۆڤ ناتوانێت بڵێت ئەمە هەمووی لەخۆوە ڕوویداوە. گریمان زەوی ئۆتۆماتیکی لە ماددەوە دروست بووە، وە دیسان گریمان مرۆڤیش بەڕێکەوت دروست بووە، بەڵام تەماشای دروستبوونی مرۆڤ بکەن: ئایا دەکرێت ئەم بوونەوەرە کاملە لەخۆوە هاتبێتە بوون؟ بەزۆری کاتێك لە دنیادا شتێك دەبینین لەمیانەی سیفەت و خاسیەتەکانیەوە دەمانەوێت شارەزا بین لە دروستکارەکەی، بۆ نموونە کاتێك وێنەیەکی جوان دەبینین دەستبەجێ ئەوە دێت بە زەینماندا کە وێنەکێشێکی شارەزا و لێهاتوو ئەم وێنەیەی کێشاوە، هەروەها بەخوێندنەوەی دەستەواژەیەکی جوان لەوە تێدەگەین کە نووسورێکی مەزن ئەو دەستەواژەیەی نووسیوە، بەم شێوەیە هەتا بەیەك گەیاندن و

بەستنەوە بەهێز بێت سەلیقە و گەورەیی دروستكار یان نووسەرەكە لە زەیندا زیاتر ڕەگدادەكوتێت، ئیتر بۆچی وابیردەكرێتەوە ئەم جیهانە كە ئەوپەڕی ڕێكوپێكە بەڕێكەوت و لەخۆوە هاتبێتە بوون؟

كەمێك بیر لەوە بكەنەوە كە لەگەڵ ئەوەی مرۆڤ كۆمەڵێك هێزی پێدراوە بۆ پێشكەوتن و بڵندبوونەوە عەقڵیشی پێدراوە بۆ ئەوەی بیرۆكەكانی بگۆڕێت بۆ شێوازێكی كردەیی و جەستەیشی بەشێوەیەكی گونجاو دروستكراوە بۆ ئەم كارە. وە لەبەرئەوەی كە پێویستە لەسەری بەهەوڵ و تێكۆشان ڕزق و ڕۆزی خۆی پەیدا بكات بۆیە هێزی پێدراوە بۆ ئەوەی بەهەوڵ و تیكۆشان ڕزقی خۆی پەیدا بكات. وە بەو پێیەی كە خوای گەورە ڕزقی درەختی لە زەویدا داناوە بۆیە ڕەگی پێبەخشیوە بۆ ئەوەی بەهۆیەوە خۆراك دەرخواردی خۆی بدات. وە لەبەرئەوەی گۆشتی كردووە بەخۆراكی شێر بۆیە چڕنووكی پێداوە بۆ ئەوەی ڕاوی پێ بكات. وە لەبەرئەوەی بڕیاری داوە ئەسپ و گا گژوگیا بخۆن بۆیە ملێكی وەهای پێبەخشیون كە بەهۆیەوە دەمیان بگاتە گژوگیای زەوی. وە چونكە بڕیاری داوە كە وشتر گەڵا و دڕك و داڵی درەختەكان بخوات بۆیە ملێكی درێژ و بەرزی پێداوە، ئایا هەموو ئەمانە بەڕێكەوت ڕوویانداوە؟ ئایا ڕێكەوت زانی كە دەبێت وشتر

ملێکی درێژ و شێر چڕنووك و درەخت ڕەگ و مرۆڤیش قاچی پێ بدرێت ؟ ئایا ڕێی تێدەچێت کە سیستەمێك بەم ڕادەیە ورد و ڕێکوپێك بێت لەخۆوە دروست بوو بێت و بەڕێوەبچێت؟!

پاشان لەبەرئەوەی خوای گەورە سیەکانی بەدیهێناوە بۆ مرۆڤ هەوایشی بۆ دروست کردووە، وە لەبەرئەوەی ژیانی پشت بە ئاو دەبەستێت بۆیە لەڕێگەی هەورەوە ئاوی بۆ دابین کردووە، کە گەرمی خۆر دەبێتە هۆی پێکهاتنی، وە ئەگەر چاوی بەخشیوە بەمرۆڤ ئەوا ڕووناکی خۆریشی دروستکردووە بۆ ئەوەی بەکاریبهێنێت و بتوانێت بەهۆی ئەو ڕووناکیەوە ببینێت، وە ئەگەر گوێچکەی پێداوە ئەوا لەگەڵ ئەوەشدا دەنگی خۆشی دروستکردووە، وە لەبەرامبەر پێدانی زوباندا دیسان کۆمەڵێك خۆراکی خۆشی بۆ دابین کردووە، وە ئەگەر لووتی دروست کردووە ئەوا بۆنی خۆشی بۆ ئامادەکردووە. دەکرێت بەڕێکەوت سی لە جەستەی مرۆڤدا دروست بێت، بەڵام چۆن هەوا ئامادە دەکرێت بۆی؟ هەروەها دەکرێت چاوی مرۆڤ دروست بێت بەڵام ئەو ڕێکەوتە چەند سەیرە کە لەدووری ملیۆنەها میلەوە خۆری دروستکردووە بۆ ئەوەی چاو توانای کارکردنی هەبێت. ئەگەر لەلایەکەوە ئەم ڕێکەوتە گوێچکەی دروست کردبێت؛ ئەوا چ هێزێك لەلایەکی ترەوە دەنگی

دروست کرد؟ گریمان ڕێکەوت سەگ و ورچی دروست کردووە لە وڵاتە ساردەکان بەڵام بۆچی تووکی ئەم سەگ و ورچانە درێژە بۆ ئەوەی بیانپارێزێت لە سەرما. ئایا ڕێکەوت هەزارەها نەخۆشی دروستکرد و هەر خودی ڕێکەوتیش چارەسەری ئەو نەخۆشییانەی دروستکرد؟ ئایا ڕێکەوت گیای گەزنەی (قريص) دروست کردووە کە بەرکەوتن و دەستلێدانی دەبێتە هۆی خوران، وە سپێناخی ڕواندووە بۆ ئەوەی ببێت بە چارەسەری ئەو خورانە؟

ڕێکەوتی بێباوەڕەکان سەیرە چونکە بۆ هەموو ئەوانەی کە دەمرن زنجیرەی لەدایکبوونی داناوە، بەڵام بۆ ئەوانەی کە نامرن ئەو زنجیرەیەی بڕیار نەداوە! ئەگەر مرۆڤ بمرێت و مناڵ نەخاتەوە؛ ئەوا لە چەند ساڵێکدا دنیا لەناودەچێت، وە لەبەرئەوەی مرۆڤ لەدایك دەبێت بۆیە لەناویش دەچێت، بەڵام خۆر و مانگ و زەوی لەناوناچن و سەرلەنوێ دروست نابنەوە. ئایا ئەم سیستەم و ڕێکوپێکیە مایەی سەرسوڕمان نیە کە لەبەرئەوەی هێزی کێشکردن لەنێوان زەوی و خۆردا دانراوە بۆیە لەیەکتری دوورکەوتوونەتەوە بەجۆرێك بەریەك ناکەون؟

ئایا هەموو ئەم کارانە بەڵگە نین لەسەر ئەوەی کە دروستکاری هەموو ئەم شتانە نەك هەر تەنها زانایە بەڵکو زانستەکەیشی

سنوری نیە، وە ڕێساکانی هێندە ڕێکوپێك و توندوتۆڵن کە هیچ دژایەتیەك نیە لەنێوانیاندا و هیچ ناتەواویەك لەناویاندا نیە؟ بێگومان من پێموایە ئەم پەنجانەی دەستیشم بەڵگەیە لەسەر بوونی خوای گەورە؛ چونکە من زانستم پێ خەڵات کراوە ئەگەر من چڕنووکی شێرم پێبدرایە ئایا دەمتوانی بنووسم؟ بێگومان خوای گەورە زانستی نەداوە بە شێر بۆیە چڕنووکی پێبەخشیوە لەکاتێکدا زاستی بەخشیوە بە من بۆیە پەنجی پێ خەڵات کردووم.

لە حکومەتەکاندا هەزارەها بیرمەند شەو و ڕۆژ کاردەکەن بۆ چاککردن و و ڕێکوپێك کردنی کاروبارەکانی حکومەت، لەگەڵ ئەوەدا دەبینین هەڵە ڕوودەدات لێیان کە بەهۆیەوە زیانی مەترسیدار دەگات بە حکومەتەکان، بگرە جاروبار ئەم هەڵانە دەبنە هۆی تەفروتونا بوونی حکومەتەکان، بەڵام ئەگەر کاروباری گەردوون بەگوێرەی ڕێکەوتی ڕووت بەڕێوەبچێت ئەوا زۆر سەیرە کە هەزارەها بیری تیژ تووشی هەڵە دەبن بەڵام ئەم ڕێکەوتە هەرگیز هەڵە ناکات!

لەڕاستیدا ئەم گەردوونە دروستکارێکی هەیە کە خاوەنی گەردوونێکی فراوانە و زاتێکی بەدەسەڵاتە. ئەگەر بەم شێوە نەبوایە ئەوا ئەم سیستەمە ڕێکوپێکە دەرنەدەکەوت. ئێستایش هەر کاتێك چاوتان گێڕایەوە؛ ئەوا بەگوێرەی قورئانی پیرۆز

چاوتان بەنائومێدی و داماویەوە بەرەو خۆتان دەگەڕێتەوە، وە لەهەموو شتێکدا سیستەمێکی ڕێکوپێکی دەبینێت. چاکەکاران پاداشتی چاك وەردەگرن و خراپەکارانیش سزا دەدرێن، وە هەموو شتەکان ئەو ئەرکە جێبەجێ دەکەن کە لەئەستۆیاندایە و بۆ ساتێکیش سستی نانوێنن و سارد نابنەوە. ئەم بابەتە زۆر دوور و درێژە بەڵام من لێرەدا کۆتایی پێدەهێنم، دیارە کەسی ژیر بە ئاماژە تێدەگات.

بەڵگەی شەشەم

لە قورئانی پیرۆزەوە دەردەکەوێت کە ئەوانەی نکوڵی دەکەن لە بوونی خوای گەورە هەمیشە تووشی زەبوونی و ئابڕووچوون دەبن. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە لەسەر باتڵن؛ چونکە خوای گەورە هەمیشە سەرکەوتن خەڵات دەکات بە باوەڕداران، وە ئەوان زاڵدەبن بەسەر دوژمنەکانیاندا. دەی ئەگەر خوایەك بوونی نەبێت ئەوا ئەم سەرکەوتن و فتوحاتە لەکوێوە دێت؟

قورئانی پیرۆز دەربارەی فیرعەون دەفەرموێت: {فَقَالَ أَنَا رَبُّكُمُ الْأَعْلَى(*) فَأَخَذَهُ اللَّهُ نَكَالَ الْآخِرَةِ وَالْأُولَى} (النازعات: 25_26) واتە کاتێك مووسا (عليه السلام) داوای لە فیرعەون کرد کە ملکەچ و گوێڕایەڵی خوای گەورە بێت، فیرعەون بە لووتبەرزیەوە وتی: کام خوا؟ من خوام. ئەوە بوو خوای گەورە لەم دنیا و

لەدوارۆژیشدا سووك و ڕسوای کرد. کەواتە ڕووداوەکەی فیرعەون بەڵگەیەکی ئاشکرایە لەسەر ئەوەی کە ئەو کەسانەی نکوڵی لە بوونی خوای گەورە دەکەن هەمیشە تووشی زەبوونی و ڕسوایی دەبن. سەرباری ئەمە هەرگیز بێباوەڕەکان نەیانتوانیوە هیچ دەوڵەتێك دابمەزرێنن لە دنیادا، بەڵکو ئەوانەی دنیایان ڕزگارکردووە و چاکسازیی وڵاتانیان کردووە و مێژوویان دروست کردووە ئەوانە بوون کە باوەڕیان بە خوای گەورە هەبووە. دەی زەبوونی و ڕسوایی بێباوەڕ و بێتواناییان لەوەی کە وەك ئوممەتێك لەبەرامبەر دنیادا دەربکەون.. ئایا مانای شتێك ناگەیەنێت!

بەڵگەی حەوتەم

بەڵگەی حەوتەم لەسەر بوونی خوای گەورە ئەوەیە کە ئەوانەی دەڵێن خوا بوونی هەیە و ئەوانەی بەڕاستی باوەڕیان پێی هەیە هەمیشە سەردەکەون و سەرفراز دەبن، وە سەرەڕای دژایەتیکردنی خەڵکی تووشی بەڵا و نەهامەتیەکان نابن و گورزی کەمەرشکێنیان بەرناکەوێت. بێگومان بانگخوازانی ڕێگای خوای گەورە لە هەموو وڵاتێکدا هەبوون، وە هیچ کەسێك وەکو ئەوان دژایەتی نەکراوە، بەڵام خەڵکی دنیا توانییان لەدژی ئەوان چی بکەن؟

ئەوانەی کە "ڕامشندەر"[*]یان دەرکرد بۆ دارستان چ ئاسوودەیی و بەختەوەریەکیان بەدەست هێنا، وە "ڕاوون" کەی هێمنی و ئاسایشی بەدەستهێنا؟ ئایا ناوی "ڕامشندەر" بۆ هەزاران ساڵ بەنەمری نەمایەوە؟ ئایا "ڕاوون" بۆ هەتاهەتایە ناوی نەزڕا و بەخراپە ناوبانگی دەرنەکرد؟ وە هۆزی "کورو" چ سوودێکیان بینی لە ڕەتکردنەوەی "کریشنا"[×]؟ ئایا لە گۆڕەپانی "کروچتەر"دا لەناونەچوون؟ وە هەروەها فیرعەون، ئەو پاشایەی کە زۆری دەکرد لە نەوەی ئیسرائیل بۆ دروستکردنی خشتی قوڕ، دژایەتی پیاوێکی هەژاری وەکو

---

[*] ڕامشندەر پێغەمبەرێکی هیندۆسی بوو، وە ڕاوون نەیارەکەی بوو (وەرگێڕ)

[×] کریشنا پێغەمبەرێکی تری هیندۆسی بوو، وە هەژار و چەوساوەکانی لە ستەمی دەسەڵاتدارە ستەمکارەکان ڕزگار دەکرد و پشتگیری دەکردن، وە لەنێوان هەردوو گروپی "کورو" و" باندو"دا جەنگ هەڵگیرسا، وە هەردووکیان خزمی نزیکی کریشنا بوون، کریشنا بڕیاریدا کە هەرگیز شەڕ نەکات، وە هەردووکیانی سەرپشك کرد لەنێوان ئەو و سوپاکەیدا، ئەوە بوو "کورو" سوپاکەی هەڵبژارد و کریشنای ڕەتکردەوە، بەڵام گروپی "باندو" کریشنایان هەڵبژارد لەگەڵ ئەوەی کریشنا وەك جەنگاوەرێك بەشداری نەکرد لەم جەنگەدا، بەڵکو وەك لێخوڕی گالیسکەی "ئەرگۆن" بەشداری کرد کە ئەمیری گروپی "باندۆ" بوو، بەڵام بەهۆی حیکمەت و ژیری و ڕێنماییەکانیەوە گروپی "باندو" سەرکەوتن لەگەڵ ئەوەی ژمارەیان کەم بوو، وە گروپی "کورو" دۆڕان و تێکشکان لەگەڵ ئەوەی ژمارەیان زۆر لەوان زیاتر بوو. وە لە کەلەپووری هیندۆسیدا "کورو" نوێنەری شەڕە و "باندو" نوێنەری خێرە. (وەرگێڕی عەرەبی).

مووسای دەکرد، بەڵام ئایا توانی مووسا (ﷺ) لەکەدار بکات و بەخراپە دەستی بۆ ببات؟

ئەوە بوو فیرعەون نوقم بوو لە ئاودا و مووسایش (ﷺ) بوو بە پاشا، ئەوەی جیهان ئەنجامیدا دژی عیسا (ﷺ) ئاشکرا و ڕوونە، وە ئەو گەشە و پێشکەوتنەی عیسا (ﷺ) بەدەستی هێنا دیسان شاراوە نیە. دیارە دوژمنەکانی لەناوچوون و خزمەتکارەکانی بوون بەپاشای وڵاتان. وە پێغەمبەری خۆمان (ﷺ) لە هەموو کەسێك زیاتر ناوی "القدوس"ی خوای گەورەی بەرزڕاگرتووە، تەنانەت نووسەرێکی خەڵکی ئەوروپا دەڵێت ئەو -پەنا بەخوا- شێتی خوا بوو. هەمیشە ناوی خوای دەوتەوە، حەوت نەتەوە دژایەتی دەکرد، وە ئاشنا و بێگانە هەموو بوون بە دوژمنی، بەڵام ئایا دوای ئەوە لەسەر دەستی ئەودا (ﷺ) دەرگای گەنجینەکانی دنیا نەخرایە سەر پشت؟ دەی ئەگەر خوایەك بوونی نەبێت ئەوا کێ یارمەتیدا و سەرکەوتووی کرد؟

ئەگەر ئەمانە هەمووی بەڕێکەوت ڕوویانداوە؛ ئەوا پێویستبوو کە بەلایەنی کەمەوە نێردراوێك بهاتایە بۆ سەلماندنی خوایەتی خوای گەورە و لەلایەن خەڵکی دنیاوە ڕسوا بکرایە، بەڵام هەموو ئەو کەسانەی کە هاتن بۆ بەرزڕاگرتنی ناوی خوا بوون بەکەسانێکی سەربەرز و خاوەن ڕێز. خوای گەورە

دەفەرموێت: {وَمَنْ يَتَوَلَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَالَّذِينَ آمَنُوا فَإِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْغَالِبُونَ} (المائدة: 57)

بەڵگەی هەشتەم

بەڵگەی هەشتەم کە لە قورئانی پیرۆزەوە دەستمان دەکەوێت لەسەر بوونی خوای گەورە بریتیە لە گیرابوونی نزا. کاتێك ئادەمیزا بە ملکەچی و داماویەوە لە خوای خۆی دەپاڕێتەوە خوای گەورە نزاکەی گیرادەکات. وە ئەم بابەتە پەیوەست نیە بە سەردەمێکی تایبەتیەوە، بەڵکو دیمەنەکانی گیرابوونی نزا لە هەموو سەردەمێکدا دەبینرێن. ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموێت: {وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ} (البقرة: 187)

ئێستا ئەگەر کەسێك بپرسێت: چۆن بزانین کە خوا نزاکان گیرادەکات؟ بۆچی نەڵێین مەبەستی هەندێ نزاکار بەڕێکەوت جێبەجێ دەبێت لەکاتیکدا مەبەست و نیازی هەندێکی تر بەدی نایەت؟ ئەگەر هەموو نزاکان گیرا بوایە؛ ئەوا تاڕادەیەك ئەم بنەمایە پەسەندکراو بوو، بەڵام چۆن بزانرێت کە هاتنەدی هەندێکیان بەڕێکەوت نەبووە، بەڵکو لە ئەنجامی گیرابوونی نزاوە بووە لەلایەن کەسێکەوە کە نزا گیرادەکات؟

وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە کە گیرابوونی نزا نیشانە و موعجیزەی لەگەڵدایە. گەورەمان میرزا غوڵام ئەحمەدی

قادیانی ئیمامی مەهدی و مەسیحی بەڵێندراو (ﷺ) بانگەوازی کردووە بۆ ئەم شێوازە بەمەبەستی سەلماندنی بوونی خوای گەورە، ئەمەش بەوەی کۆمەڵێك نەخۆش هەڵبژێرن کە نەخۆشی ترسناکیان هەبێت، وە دابەشیان بکەن بۆ دوو گروپ: گروپێکیان پزیشکەکان هەستن بە چارەسەرکردنیان، وە گروپەکەی تریشیان حەواڵەی من بکەن و منیش نزای چاکبوونەوەیان بۆ دەکەم. پاشان چاوەڕوان بن بزانن کام لا نەخۆشەکانی چاك دەبێتەوە من یان پزیشکەکان؟ ئایا دەکرێت لەم شێوازەی تاقیکردنەوەدا گومانێك هەبێت؟

کەسێك هەبوو سەگی هار گازی لێ گرت و تووشی نەخۆشی هاری بوو، وە پزیشکەکانی شاری "کەسولی" ڕەتیان کردەوە کە چارەسەری بکەن، وە نووسییان کە بەهیچ شێوەیەك چارەسەری نیە. بەڵام مەسیحی بەڵێندراو (ﷺ) نزای چاکبوونەوەی بۆ کرد و چاك بوویەوە لەگەڵ ئەوەی ئەو کەسانەی تووشی نەخۆشی هاری دەبن بەهۆی ئەوەی سەگی هار گازیان لێ دەگرێت هەرگیز چاك نابنەوە؛ دەی گیرابوونی نزاکان دەیسەلمێنێت کەسێك هەیە ئەو نزایانە گیرادەکات. وە ئەمە پەیوەست نیە بە سەردەمێکی تایبەتیەوە، بەڵکو دەکرێت نموونەکانی لە هەموو سەردەمێکدا تێبینی بکرێت. کەواتە

هەروەك چۆن لە ڕابردوودا نزاكان گیرادەبوون ئێستایش گیرادەبن.

بەڵگەی نۆیەم

بەڵگەی نۆیەم كە لە قورئانی پیرۆزەوە دەستمان دەكەوێت لەسەر بوونی خوای گەورە بریتیە لە ئیلهام. لەگەڵ ئەوەی من لە بەڵگەی نۆیەمدا هێناومەتەوە بەڵام لەڕاستیدا بەڵگەیەكی ئەوپەڕی مەزنە و بەدڵنیاییەوە بوونی خوای گەورە دەسەلمێنێت. خوای گەورە دەفەرموێت: {يُثَبِّتُ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا بِالْقَوْلِ الثَّابِتِ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ وَيُضِلُّ اللَّهُ الظَّالِمِينَ وَيَفْعَلُ اللَّهُ مَا يَشَاءُ} (سورة إبراهيم: 28) دەی مادام خوای گەورە لەگەڵ ژمارەیەكی زۆر لە مرۆڤەكان قسە دەكات لە هەموو سەردەمێكدا ئیتر نكوڵی كردن لێی كەی ڕاستە؟ خوای گەورە تەنها لەگەڵ پێغەمبەر و فروستادەكاندا قسە ناكات، بەڵكو لەگەڵ دۆستەكانی خۆیشیدا ئاخاوتن دەكات. وە هەندێ جار لەگەڵ یەكێك لە بەندە لاوازەكانیدا قسەدەكات بۆ ئەوەی دڵنیای بكاتەوە. بێگومان لەگەڵ ئەم بەندە لاوازەدا قسەی كردووە و بە بەڵگە بوونی خوی سەلماندووە. نەك هەر ئەمە، بەڵكو جاروبار لەگەڵ كەسانی خراپ و مرۆڤە ناخ پیسەكانیشدا قسە دەكات بۆ ئەوەی بیانوویان نەهێڵێت و بە بەڵگە ڕێگای ڕاستیان پیشان بدات، تەنانەت كەسانی پۆخڵ و

ڕسوا و شەڕواڵپیس هەندێ جار خەونی ڕاست دەبینن و ئیلهامیان پێدەگات.

وە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە ئەم ئیلهامە لەلایەن زاتێکی مەزنەوەیە ئەوەیە کە جاروبار هەواڵی غەیبی تێدایە و لەکاتی خۆیدا دێتەدی، ئەمەش جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەم ئیلهامە زیهنی مرۆڤ دروستی نەکردووە و لە ئەنجامی تێکچوونی دەزگای هەرسەوە دروست نەبووە. وە هەندێ جار دەربارەی کۆمەڵێك بابەت و کاروبار دەدوێت کە دوای سەدان ساڵ ڕوودەدەن بۆ ئەوەی کەسێك نەڵێت ڕووداوەکانی ئێستا لەخەودا دەرکەوتووە بۆ ئەو کەسەی خەونەکەی بینیوە و بەڕێکەوت بەدی هاتوون. پێشکەوتنی مەسیحیەکان کە ئەمڕۆ جیهانی سەرسام کردووە پێشتر لە تەورات و قورئانی پیرۆزدا بەڕاشکاوی و دووورودرێژی باس کراوە، بەڵکو باسی کۆمەڵێك ڕووداو کراوە کە لە داهاتوودا ڕوودەدەن، بۆ نموونە:

1. {وَإِذَا الْعِشَارُ عُطِّلَتْ} (التكوير: 5) واتە سەردەمێك دێتە پێش کە تێیدا وشترەکان لەکار دەخرێن، وە ڕاڤەکەی لە فەرموودەیەکی موسلیمدا هاتووە بەم شێوەیە: "وَلَتُتْرَكَنَّ الْقِلَاصُ فَلَا يُسْعَى عَلَيْهَا." واتە: وازدەهێنرێت لە وشترەکان و کەس تاونادات لەسەریان. دیارە لەم سەردەمەدا بە داهێنانی

شەمەندەفەر ئەم پێشبینیە هاتووەتەدی. لەمەڕ شەمەندەفەر لە فەرمایشتی پێغەمبەردا (ﷺ) كۆمەڵێك ئاماژەی ڕوون هەیە كە وێنەی شەمەندەفەر لەبەر چاودا بەڕوونی پیشان دەدەن و مرۆڤ دڵنیا دەبێت كە مەبەست لە فەرمایشتی پێغەمبەر (ﷺ) ئەو ئامرازەی گواستنەوەیە كە بەهۆی هەڵمەوە دەڕوات و شاخێك لە دووكەڵ پێشیدەكەوێت و لەڕووی سواربوون و گواستنەوەی كەلوپەل و شتە قورسەكانەوە لە گوێدرێژ دەچێت و پێش دەرچوونی دەنگێك دەردەكات و كۆمەڵێك وەسفی تریش.

2. {وَإِذَا الصُّحُفُ نُشِرَتْ} (التكوير: 11) لە داهاتوودا كتێب و پەڕاو بەزۆری بڵاودەبێتەوە، وە لەم سەردەمەدا كتێب و پەڕاو چەندە بەزۆری بڵاوبووەتەوە بەهۆی دەزگاكانی چاپكردنەوە!

3. {وَإِذَا النُّفُوسُ زُوِّجَتْ} (التكوير: 7) واتە لە داهاتوودا ئاڵوگۆڕی پەیوەندیەكان لەنێوان مرۆڤەكاندا بەدی دێت و ڕێگاكانی بەیەكگەیشتن دەڕەخسێت بەجۆرێك لەوەی كە ئەمڕۆ هەیە زیاتر بەبیری مرۆڤدا نایەت.

4. {يَوْمَ تَرْجُفُ الرَّاجِفَةُ (*) تَتْبَعُهَا الرَّادِفَةُ} (النازعات: 7_8) واتە پەیتا پەیتا ڕوودانی بوومەلەرزەی نائاسایی هەتا زەوی تووشی

ڕاتڵەکین دەبێت. وە ئەم سەردەمەی ئێستایش بەتایبەتی بەم شتە ناسراوە.

5. {وَمَا مَنَعَ النَّاسَ أَنْ يُؤْمِنُوا إِذْ جَاءَهُمُ الْهُدَى إِلَّا أَنْ قَالُوا أَبَعَثَ اللَّهُ بَشَرًا رَسُولًا} (الإسراء: 95) دیارە لەم سەردەمەدا خەڵکی بەهۆی تاعوون و بوومەلەرزە و لافاو و گڕکان و هەڵگیرسانی جەنگەکان لەنێوانیاندا لەناودەچن. بێگومان لەم سەردەمەدا هۆکارەکانی مردن کۆبوونەتەوە و بەزۆری دەرکەوتوون کە بە تێکڕایی لە هیچ سەردەمێکی پێشوودا هاوشێوەیان نەبووە.

پاشان ئیسلام ئایینێکە لە هەموو سەدەیەکدا لەناو ئەوانەدا کە باوەڕیان هێناوە پێی کەسانێك هەبوون خوای گەورە ئیلهامی کردووە بۆیان. وە لەڕێگەی نیشانە دەراساکانەوە پیشانیان دراوە کە زاتێکی بەتوانا و بەهێز هەیە بە ئیرادە، نەك بەناچاری، کاروبارەکان ڕادەپەڕێنێت. بێگومان خوای گەورە وەحی خۆی دابەزاند بۆسەر نێردراوی ئەم سەردەمە کە لەوپەڕی لاوازی و نەناسراویدا بوو، وە پێی فەرموو: "يأتيك من كل فج عميق، ينصرك رجال نوحي إليهم من السماء. ولا تصعر لخلق الله ولا تسأم من الناس" (البراهين الأحمدية، طبعة: 1881م. الخزائن الروحانية، مجلد1، هامش صفحة: 267) واتە: "لە هەموو ڕێگایەکی دوورەوە دێن بۆ لات، پیاوانێك پشگیریت دەکەن

کە لە ئاسمانەوە وەحییان بۆ دەکرێت، ڕووت وەرمەگێڕە لە دروستکراوانی خوا و لەخەڵکی بێزار مەبە."

کەسێك هەستا بەڕاگەیاندنی ئەم قسانە کە نیشتەجێی گوندێك بوو، وە لە جیهانی شارستانیدا کەس ناوی نەبیستبوو، پاشان خەڵکی جیهان بینیان، سەرەڕای نەیاریەکی توندوتیژ و کۆمەڵێك ئاستەنگی گەورە، خەڵکی لە هەموو جیهانەوە هەر لە ئەمریکاوە تا ئەفریقا دەهاتن بۆ ئێرە، وە ژمارەیان بەڕادەیەك زۆر بوو کە کەسێکی ئاسایی نەیدەتوانی تەوقە و چاوپێکەوتن لەگەڵ هەموویاندا بکات. وە کۆمەڵێکی زۆر نیشتیمانی خۆشەویستی خۆیان بەجێهێشت و لێرە نیشتەجێ بوون، وە ناوی قادیان لە هەموو جیهاندا ناوبانگی پەیدا کرد. ئایا ئەمە شتێکی سادەیە؟ ئایا دەکرێت چاودابخرێت لەم موعجیزە گەورەیە؟

هەروەها یەکێك لە مەسیحیەکان بەناوی "دۆئی" لە ئەمریکا بانگەشەی پێغەمبەرایەتی کرد، وە ئەم قسە پیسانەی خۆی بڵاوکردەوە: "لە خوا دەپاڕێمەوە ڕۆژێکی نزیك بێتە پێش کە تێیدا ئیسلام لەناوبچێت لە دنیادا، خوایە ئەمە بەدی بهێنە، خوایە ئیسلام بفەوتێنە." پێشەوامان مەسیحی بەڵێندراو (عليه السلام) لە بەرامبەردا ڕاگەیاندنێکی بڵاوکردەوە و فەرمووی: ئەی ئەو کەسەی کە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکەیت! وەرە و

موباهەلەم لەگەڵدا بکە، وە با زۆرانبازیەکەمان بە نزا ئەنجام بدرێت، وە هەردووکمان لە خوای گەورە بپاڕێینەوە کە درۆزنەکەمان پێش ئەوی تر لەناوببات. (تەلەگراف 5 تەموزی 1903ز)، بەڵام ئەو بەهاشوهووش و هەڵەشەییەوە وتی: ئایا پێتان وایە من وەڵامی ئەم مێش و مەگەزە دەدەمەوە؟ ئەگەر پێم لەسەری دابنێم دەیپلیشێنمەوە و پانی دەکەمەوە. (جريدة دوئي، كانون الأول 1903م)، بەڵام مەسیحی بەڵێندراو (عليه السلام) لە ڕاگەیاندنێکدا لە بەرواری 23-8-1903ز دا بڵاویکردەوە و فەرمووی: "بەدڵنیاییەوە بزانن سەرەڕای ئەوەی کە ئەگەر دوئی لە زۆرانبازیەکەیش ڕابکات و هەڵبێت ئەوا بەم نزیکانە بەڵا و نەهامەتیەك دادەبەزێتە سەر شاری "سەهیۆن". سا ئەی الله! ئەی خوای کامڵ و بێ کەموکوڕی! بەخێرایی بڕیاری خۆت بدە و درۆی دۆئی ئاشکرا بکە بۆ خەڵکی". پاشان بەڕێزان گوێ بگرن! پاش ئەوە چی ڕوویدا! بێگومان ئەو کەسەی کە وەك پاشاکان دەژیا و حەفتا ملیۆن پارەی کاشی هەبوو، ژن و کوڕەکەی بوون بە دوژمنی، وە باوکی ڕاگەیاندنێکی بڵاوکردەوە کە دۆئی لە ئەنجامی زیناوە پەیدا بووە و زۆڵ و حەرامزادەیە، وە لە کۆتاییدا تووشی ئیفلیجی بوو، پاشان بەهۆی خەم و خەفەتی زۆرەوە شێت بوو، پاشان لە کۆتاییدا لە مارسی ساڵی 1907ی زایینیدا لەناوچوو هەروەك چۆن

پێشتر خوای گەورە هەواڵی دابوو بە نێردراوەکەی خۆی، وە هەروەك مەسیحی بەڵێندراو (عليه السلام) لە ڕاگەیاندنێکدا لە ڕێککەوتی 20-2-1907ز دا نووسیبووی کە خوای گەورە دەفەرموێت: "نیشانەیەکی نوێ پیشان دەدەم کە سەرکەوتنێکی مەزنی تێدا دەبێت، وە نیشانەیەك دەبێت بۆ هەموو جیهان." بەم شێوەیە دۆئی بە لەناوچوونی خۆی شایەتیدا لەسەر بوونی خوای گەورە. ئەمەش سەرکەوتنێکی مەزنی مەسیحی بەڵێندراو بوو (عليه السلام) بەسەر هەردوو جیهانی مەسیحی کۆن و نوێدا.

سێیەم، ئارياییەکان لەم وڵاتەدا دەستیان دەڕوات و خاوەنی دەسەڵاتن، وە "لیکهڕام" یەکێك بوو لە سەرکردەکانیان. مەسیحی بەڵێندراو لە کتێبەکەی خۆی "كرامات الصادقين"دا- کە لە سەفەری ساڵی 1311 کۆچیدا چاپکراوە- پێشبینیەکی نووسی کە: خوای گەورە دەربارەی لیکهرام نزاکەی منی گیرا کرد و پێیڕاگەیاندم کە لەماوەی شەش ساڵدا لیکهرام لەناودەچێت، تاوانەکەی ئەوە بوو کە جنێوی دەدا بە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و بەکۆمەڵێك وشەی قێزەون دەیویست لەکەداری بکات و سووکایەتی پێ دەکرد و تۆمەتی ئاراستە دەکرد، پاشان بەڕێزی (عليه السلام) لە ڕێککەوتی 22-2-1893ز دا لە ڕاگەیاندنێکدا پێشبینی چۆنێتی مردنەکەی کرد و فەرمووی:

"کۆتەڵی گوێرەکەیەك کە دەیبۆڕاند، تووشی سزا و دەردی سەری دەبێت." واتە لیکهڕام بریتیە لە گوێرەکەکەی سامری کە ڕۆحی تێدا نیە، تەنها دەنگی هەیە و خاڵیە لە ڕۆحانیەت لەبەرئەوە سزا دەدرێت وەك چۆن گوێرەکەکەی سامری سزادرا. هەموو کەس دەزانێت کە گوێرەکەکەی سامری پارچە پارچەکراو و پاشان سووتێنرا و خۆڵەمێشەکەی پەرشوبڵاوکرایەوە بەناو دەریادا. پاشان مەسیحی بەڵێندراو (عليه السلام) کەشفێکی بینیی (بڕوانن بۆ پەراوێزی نامیلکەی برکات الدعاء، الخزائن الروحانية، مجلد 6، ص 33) کە تێیدا کەسێکی بەهێزی شێوە ترسناك وەك ئەوەی مرۆڤ نەبێت، بەڵکو یەکێك بێت لە فریشتە توند و ڕەقەکان، دەرکەوت و پرسیاری کرد: لیکهرام لە کوێیە؟ پاشان بەرێزی (عليه السلام) لەدێڕە شیعرێکیدا ڕۆژی لەناوچوونەکەی ڕاگەیاند و فەرمووی:

وبشرني ربي وقال مبشرا

ستعرف يوم العيد والعيد أقرب

وە لە دێڕە شیعرێکیدا بە زمانی فارسی دەڵێت کە ئەمە وەرگێڕانەکەیەتی بە کوردی:

ئاگادار بە ئەی دوژمنی نەفام و گومڕا! بترسە لە شمشێری تیژ و بڕندەی موحەممەد (صلى الله عليه وسلم)

پێنج ساڵ پێش کوشتنەکەی ئەم دێڕە شیعرەی نووسیوە و چۆنیەتی کوشتنەکەی ڕاگەیاندووە. لە کۆتاییدا ئەوە بوو لیکهرام لە 1897-03-06دا کوژرا، وە سەرجەم خەڵکی بەیەك دەنگ دانیان پێدا نا کە ئەم پێشبینیە بەوپەڕی ڕوونی و ئاشکراییەوە هاتەدی، وە بوو بە بەڵگەیەکی گۆیندە لەسەر بوونی خوای گەورە. کەواتە نکوڵی کردن لە بوونی خوای گەورە لەگەڵ بوونی ئیلهامی خوایی ئەوپەڕی بێ شەرمیە.

بەڵگەی دەیەم

بەڵگەی دەیەم کە قورئانی پیرۆز دەیخاتەڕوو بۆ بڕیاردان لە هەموو ناکۆکی و جیاوازییەکدا لەم ئایەتەوە وەردەگیرێت: {وَالَّذِينَ جَاهَدُوا فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا وَإِنَّ اللَّهَ لَمَعَ الْمُحْسِنِينَ} (العنكبوت: 70) ئەو کەسانەی کاریان بەم ئایەتە کردووە هەمیشە سوود و کەڵکیان وەرگرتووە. وە ئەو کەسەی نکوڵی لە بوونی خوای گەورە دەکات با وای دابنێت کە دەکەوێتە تەنگ و چەڵەمەیەکی گەورەوە و تووشی هەڵوێستێکی ناهەموار دەبێت ئەگەر خوایەك بوونی هەبێت. با ئەم بابەتە لە مێشکی خۆیدا دابنێت، ئەگەر تامەزرۆیە بۆ زانینی ڕاستی ئەوا پێویستە لەسەری بەوپەڕی ملکەچی و پێداگریەوە لە خوای گەورە بپاڕێتەوە و بڵێت: ئەی خوای پەروەردگارم ئەگەر تۆ لەڕاستیدا بوونت هەیە و توانای بێ سنورت هەیە، وەك ئەو

کەسانە دەڵێن کە باوەڕیان هەیە بە تۆ؛ ئەوا ڕەحمم پێ بکە و ڕێنماییم بکە بۆلای خۆت و باوەڕ و دڵنیایی بخەرە ناخمەوە بۆ ئەوەی بێبەش نەبم لێیان.

ئەگەر کەسێك لەناخی دڵەوە ئەم نزایە بکات و بەلایەنی کەمەوە بۆ ماوەی چل ڕۆژ بەردەوام بێت لەسەری؛ ئەوا بەدڵنیاییەوە خوای گەورە هیدایەتی دەدات هەر ئایینێکی هەبێت و خەڵکی هەر وڵاتێك بێت، وە بەخێرایی دەبینێت کە خوای گەورە بوونی خۆی دەسەلمێنێت بۆی بەجۆرێك بەتەواوەتی ناخی پاك دەکاتەوە لە پیسی گومان و دوودڵی. وە شتێکی بەڵگەنەویستە کە ناکرێت ئەم شێوازی بڕیاردانەدا هیچ جۆرە فێڵێکی تێدا بێت، دەی چ کێشەیەکی تێدایە بۆ ئەوانەی بەشوێن ڕاستیدا دەگەڕێن کە کار بەم ڕێنماییە بکەن؟

بەم 10 بەڵگەیە وازدەهێنم و وتارەکەم کۆتایی پێدەهێنم لەگەڵ ئەوەی لە قورئانی پیرۆزدا بەڵگەی تر هەیە، وە ئەگەر کەسێك قووڵ بێتەوە تێیدا ئەوا بەڵگەی زیاتری دەستدەکەوێت. خوایش یارمەتیدەرە.

لە کۆتاییدا تکا دەکەم لەوانەی کە ئەم نامیلکەیە دەکەوێتە دەستیان پاش خوێندنەوەی بیدەن بەو دۆست و خۆشەویستانەی خۆیان کە دەزانن کەڵکی لێ وەردەگرن.

(مجلة "تشحيذ الأذهان"، ئازار/مارس 1913م)